


لێکۆڵینەوە

# هەڵسەنگاندنێکی تری «راز و نیاز» (١)

کەمال غەمبار

که خوێنەر دەس دەکات بە خوێندنەوەی بەرهەمێك زۆر شتی دەکەوێتە بەرچاو کە سرنجی رادەکێشن و ناچار دەبێ لە ئاستیاندا بوەستێ و ووردبێتەوە ، زۆر جار خوێنەری هۆشمەند بەچاوێکی رەخنەگرانە مامڵەت لەگەڵ بەرهەمەکە دەکات و رای خۆی دەردەبڕێ . خۆ ئەگەر خوێنەرەکە کەمێك سەری لە رەخنە دەرچوو ئەوە دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی ، روونتر بۆ چوونەکەی خۆی دەربڕێ . «رەخنەگری شیعر خوێنەرێکی هۆشمەندە ، لە راستیدا بایەخ بەهەڵسەنگاندنی هونەرکاریی هۆنراوە دەدا ، بەڵام هەڵسەنگاندنێکە لە رەگەزەکانی بیناکردنی خودی تاقیکردنەوەی شیعریدا جیا ناکرێتەوە . ئەم هەڵسەنگاندنە لەبەر رووناکی بەهرەی رەخنەگرو توانا ئەدەبی‌یەکەی دەبێتە ئەدەبێکی رەخنەگرانەی نوێ ، رووە وونبووەکەی دەخاتە سەر تاقیکردنەوەی شیعری ، ئەویش «رووی رەخنەگەری»یە کە بەشێوەیەکی گشتی بەدیارترین رەگەزەکانی بەردەوام بوون و مانەوەی لە ژیانی ئەدەبدا دەدرێتە قەڵەم» (٢) .

لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە پێشەکی‌یەکەی کاکە حەمەی مەلا کەریم و پاشبەندی پێشەکی‌یەکەی کاك مومتاز حەیدەری رەتکەمەوە ، بەڵکو دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کۆمەڵە شیعرێکی ئاوا لە بازنەی رادەربڕینێکی خێرایانە لە رووی ناوەرۆك و کەمێك وەستان لەسەر چەند ووشەیەك لە رووی رێزمانەوە گیر ناخوات ، دەبێ نووسەر لەو لایەنانە بگەڕێ کە ئایا شاعیر چ زۆر چ کەم شتی تازەی هێناوەتە کایەوە کە مایەی سرنج راکێشان و ورووژاندنی خوێنەر بن ، بێ ئەوەی ئەو لایەنە گەش و روونانەی کە مایەی رەزامەندی ئەون بنە پەرژینێك لە رووی ئەو شوێنانەی کە لاوازن و کەلەبەریان تێکەوتووە ، ئەوە لە کاتێکا ئەم خاڵە گرنگە دەستنیشان دەکەم ، دەبێ ئەو راستی‌یە بدرکێنم کە ئەم بەرهەمەی محەمەد ئەمینی پێنجوێنی دووەمین بەرهەمی شاعیرەو ، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەوو شاعیرانی تر بکەین ، دەبینین ماوەیەکی زۆر نیە دەستی داوەتە شیعر ، بۆیە ئەو حیسابەی بۆناکەین کە بۆ شاعیرێکی تەمەن درێژی شیعر دەکەین ، سەرەرای ئەوەش پێنجوێنی وەك شاعیرێك کە هاتۆتە کۆڕی شیعرەوە لەچاو خۆی تاقیکردنەوەی شیعری کەمە ، بەڵام تا رادەیەك خەریکە شیعری باش و بەپێز بخاتە سەر خەرمانی شیعری کوردی ، هەر چەندە کە جاروبار لە ناو شیعرەکانیدا هەست بە جۆرە کزی و لاوازی‌یەك دەکەین و شیعرەکان خەتی بەیانی خۆیان ناپارێزن و دەکەونە بەر تەوژمی هەڵکشان و داکشان . ئەم بۆ چوونەم وەك رایەکی گشتی دەردەبڕم ، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەتی بێینە سەر هەندێ هۆنراوەی ئەوە هەست دەکەین کە شاعیر لە ناو شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی ووردبین و قووڵ بیردەکاتەوەو تەقەلای ئەوە دەدا کەشتی نوێ بدا بەدەستەوەو وەك بلێ‌ی بە خۆی دادەچێتەوەو

دەیەوێ لە قسەی ئاسایی‌و وێنەی ڕووکەش‌و بابەتی سواوو زۆر وتراوە خۆی دەرباز بکات .

لەم روانگەیەوە من سەیری «رازو نیاز» دەکەم‌و بۆچوونەکەی خۆم روون‌دەکەمەوە .

ئەوەتا لە هۆنراوەی «راسپاردەی گۆران بۆ خانی»دا دەمانخاتە بەردەم مەسەلەیەکی گەورە ، کە بەستنەوەی ئەمڕۆیە بەدوێنێ . هەردوو سەردەمیش زیندووو نەمرن ، دوو سەردەمەکە ، کۆن‌و نوێ ، سامانی نەتەوایەتی‌و هاوچەرخ لە دوو گیانی دوو کەڵە شاعیری کورد بەرجەستە دەکات‌و ، بیرو باوەڕی میسولۆژی لە گیانی «خانی»دا خۆی دەنوێنێ‌و ، بیرو باوەڕی زانستیشی لە گیانی «گۆران»دا .

«مەم»ی خانی قوربانی رێگەی دڵداری‌یەکی بێ گەردی رووتە زیندانکردنی «گۆران»یش سەرەنجامی دڵداریی رێگای رزگاری‌و سەرفیرازی گەلە . . هەردووکیان خرانە زیندان ، مەم‌و گۆران . بەڵام مەم لەسەر مەسەلەیەکی خۆیی‌و تایبەتی ، گۆرانیش لەسەر مەسەلەیەکی گشتی . . ئەمە نێوان هەردوو وەچە ، بەڵام ئاخۆ پەیوەندی‌یەکی جەدەلی لەنێوان ئەو دوو تەوەرە هەیە ، تەوەری تایبەتی‌و تەوەری گشتی ؟ بۆ وەڵام دەڵێین نەخێر ، هەر چەندە زۆر جار مەسەلەی تایبەتی لە مەسەلەی گشتی جیاناکرێتەوە ، بەڵام لێرەدا ناتەبان‌و ناگەن بەیەك ، واتە بەو بۆچوونە ، ئەمڕۆ درێژبوونەوەی دوێنێ نیەو بینای ئەمڕۆ لەسەر هی دوێنێ ناکرێ کە بڵێین هەر دوو سەردەمەکە بەیەك دەبەستێنەوە ، دەبێ جۆرە گۆرانێك سەرهەڵبدا ، هەر چەندە هەردوو دڵداریش «مەم‌و گۆران» بەپێ‌ی بارو زرووفی هەردوو سەردەمەکە کەوتنە بەر زەبری شمشێری ستەم‌و زۆرداریی دوو رژێم ، بەڵام زیندان کردنی دڵدارێکی وەك مەم شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ‌و کۆمەڵانی خەڵك ناوروژێنێ کە بەو جۆرە رەفتارەی میری بۆتان رازی نەبن ، خانی وەکو سەیرکەرێك لە دەرەوەی مەسەلەکە دەوەستێ‌و کۆتایی‌یەکی تراژیدیان پێ دەبەخشێ ، کەچی گۆران خۆی دەبێتە «مەم»ی سەدەی بیستەم ، مەمی شەیدای گەل‌و نیشتمان‌و کۆڵنەدان‌و ورەبەرنەدان :

باوەڕ بکەن ، باوەڕم بوو . .
لەم «بەردە ئەستێ»و چەخماخ»ە ،
کلپەو گڕ هەر پەیدا ئەبێت !
بەو «خانی»یە پیرەش بڵێن :
ئەز هەر باوەڕی ئەم هەبوو ،
هەردوو یەك رێ
بۆ کوردستان ،
بۆ هەژارو چەوساوەکان
بەرەوتیشکی جوانی ئاسمان
کەوتینە رێ
ئەو «پەنای بە» یەزدان» بەست‌و
من بە «زانین»[٣] . . !

مەسەلەکە لای گۆران زیاتر روون دەبێتەوەو راستی‌یە جەوهەری‌یەکە بەدەستەوە دەدات :

دیاریی من هەردوو ووشەیە
بیری پاکی پێشکەوتن‌خواز !
بۆ کوردستان
بکەن بەوێردی سەرزمان
لە چیرۆکا ، لە هۆزانا
لە ئەفسانەو لە داستانا[٤]

پێنجوینی لە رێگەی گۆرانەوە ئەنجامێکی دابڕ بە ملانێ‌ی نێوان هەردوو سەردەمەکە دەبەخشێ ، کە مرۆڤی کورد چ جۆرە بیرکردنەوەیەك بیربکاتەوەو چ رێبازێك لە ژیانا بگرێ ؟ بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر رکێفی پلاری قەدەرو رووتاندنەوەی لە هەموو هێزو تواناو دەسەلاتێکی دیارکردنی چارەنووسی خۆی .

شاعیر لە هۆنراوەکەیدا یەکیەتی مەوزووعی پاراستوە ، زیرەکانە بیرەکەی خستۆتە ناو چوارچێوەی شیعرەکەو خشتەکانی بیناسازی‌یەکەی چاك دامەزراندون‌و بەرێکوپێکی مەحکەمی

کردوون . هەڵوێستی فیکری «تایبەتی و گشتی» شی کردۆتەوە . کێش و ئیقاعی شیعرەکەو هارمونیەتی تێك نەداون ، تەنیا دێڕێك نەبێ لەنگی تێکەوتووە کە دەڵێ :
وەك ملوانکەو «حەتحەتۆکە» !
بیهۆننەوە . .
بیکەنە ملی ساواو کورپەکانتان
گەر بیوتبا : «بیکەنە گەردنی ساواو کورپەکانتان» ئەوە ڕێکتر دەبوو .
لە هۆنراوەی «برووسکەی نەورۆز»دا چەند هاوکێشەیەکمان دەخاتە بەردەم ، بەشێوەیەك کە جۆرە گونجانێك و لوانێکیان تیایاندا ڕەچاو دەکەین و ئەنجامی هاوکێشەکان دەبنە جەوهەری ڕاستەقینەی نەورۆز ، نەك نەورۆزێکی ئاسایی ی رووکەشی سروشت ، لەو کەرەستەی کە ئەو تێکەڵ بەیەکیان دەکات ، بینای نەورۆز دادەمەزێنێ کەرەستەکەی :
ئێسقان ، قەڵەم ، مەرەکەب ، خوێن ،
«پەرە»یش کەوڵەکەی کاوەیە
ئاسن . . لاوان
کورەیش . . بیری پاڵەوانە
کە مەسەلەکە بەو جۆرەبێ ، دەبێ هەموو کەرەستە خاوەکان لێك بدرێن و ببنە هەوێنی نەورۆز ، ئەمەش شتێکی بەڵگە نەویستە کە :
ئاڵاکەش . . . هەرشەکاوەیە !
لە کۆنەوە تاکو ئێستا ، هەر شاعیرێ بەجۆرێ لە نەورۆز دواوە ، بەڵام کامیان وەك پیرەمێرد ، ئاگری نەورۆزی بۆ کردین بەرەمز ، ڕەنگی ئاڵی ئاگر ، ڕەنگی شەفەقی سوور ، خوێنی شەهیدە شەوق ئەداتەوە ، وەك پێنجوینی دەڵێ :
پیرەمێرد ووتی : گر ئاڵە
ووتمان : لێی گەڕێن خەیاڵە
شاعیر لە گیانی شیعری پیرەمێردو بۆچوونی پیرەمێرد سرووش وەردەگرێ ، هەر پیرەمێرد نەبوو ووتی :
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد
یاخود کە دەیوت :
ئەوا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی ووڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەبەق شەوق ئەداتەوە
کەواتە ئێمە دەیان ساڵە ئاگر دەکەینەوە ، کەچی بە نمە بارانێك دەکوژێتەوە ، گرنگ لێرەدا ئاگرەکە نیەو چیتر ، بەڵکو عەودالّ بوونە لە دوای چەکوشەکەی کاوە ، چەکوشەکەیە مایەی نەورۆزی ڕاستەقینە :
هەرکەس ئەم (چەکوشە)ی دۆزیەوە
گرەوی خۆی دەباتەوە[٥] . . !
پاراستنی یەکێتی ی بابەت مەسەلەیەکی بنچینەیی یە لای شاعیر ، واتە دارشتنی فیکرەکە بەنیوە چڵی جێ ناهێڵێ و ماف خۆی دەداتێ .
شاعیر لە هۆنراوەی (سلێمانی) داتین و تاوو گوڕێکی تر دەدات بەگوێژەو ئەزمرو گلە زەردە ، کەسی شوێنێ لە واقیعی بێ گیانی خۆیان دەردەچن و دەجمێن و سەریان بەرزدەکەنەوەو دەبنە ڕەمزی تێپەڕکردنی خودو بنکەی خۆراگرتن . لە شێوە رووتە سروشتی یەکەی خۆیان دەردەچن و ، دەچنە بەرگی مرۆڤەوە . بەم جۆرە شاعیر مامڵەت لەگەڵ ئەو شوێنە بڵندانە دەکات و بەشێوەیەکی تر دەیانخاتە ڕووو ، بەشێوازێکی ڕەوانبێژی ڕوونێکی دیکەیان پێ دەبەخشێ و دەکەونە چوارچێوەی خوازستنەوەی شاردراوە ، شیعریش یاخود ئەدەبی ڕاستەقینە ئەگەر ئەو جۆرە وێنانەی تیا نەبێ ، ئەوە ناچێتە ڕیزی شیعرەوەو دەبێتە قسەی ئاسایی ، ئەوەتا دەڵێ :
گوێژە سنگی لە دامێنی
ئاسمان ئەسوێ !
ئەزمر لووتی
بەرەو تیشکی هەتاو ئەنێ
گلە زەردە لارە ملەو ماچی گزنگی خۆر ئەکات[٦]

ئەگەر باری ئەم شوێنانە وا نەبێ ئەوە واقعیکی تر دێتە کایەوە.

رەمزەکە لای شاعیر بەردەوام دەبێ، دوێنێ بەئەمڕۆ دەبەستێتەوە قوربانی دوێنێ دەبنە پردی ئەمڕۆ، ئەوەتا لە رێگەی یادی چوار ئەفسەرەکەوە، دەمانخاتە بەردەم مێژوویێکی گەشی خوێناوی، کە رۆڵەی ئەمڕۆ بەسەربەرزی‌و شانازی‌یەوە ڕووی ئەوەیان هەیە کە بڵێن ئێمەش هەین:

ووتیان: ئەستێرەکانی سەرشانمان
ئەبن بەمانگ
ئەبن بە رۆژی مەیلەو ئاڵ
چراوگی رێگەی سەختی نەتەوەمانە
رۆڵەکانمان کاتێ وەك شێر
گەورە بوون‌و، کە بوون بە پیاو..!
لە ڕوویان دێ
بڵێن: ئێمە باوکمان ژیا
لە پێناوی گەلەکەیا(7)

ئەو بازنەیەی کە شاعیر بۆ سەرجەمی بیرەکانی کێشاویەتی لە واقیعی رمزی دوێنێ‌و ئەمڕۆ دەرناچێ. «قەلای هەولێر» بەهەمان رێچکەدا گوزەر دەکات، لە هەمان بیرو ئەندێشەدا دەجووڵێ، ئەویش رەمزێکە کە زۆر پاشاو دەسەلاتدارو سەرکردەی دی، لە دەوروپشت‌و ناویدا شەڕی گەورەگەورە روویدا، زۆر جار بووە گۆرەپانی رووداوی زل زل. ئەو قەلاتە دێرینەی کە هەولێر ناوی پێ دەرکەوتووە بۆتە کۆنترین شار لە جیهان. قەلاتەکە خۆرسك نیە، بەڵکو وەك شاعیر دەڵێ:

چوار خواوەندی بتیان هێنا
لە چوار دەرگا هەڵواسرا
ناوی (ئەربائیلۆ)یان ناو نا
چەند لەشکری،
جیهانگیری،
ئالێرەدا.. لە یەکیان‌دا
هەر لە ئێسك‌و کاسەسەری
هەزارانی ئەم کورده بوو
قەلای هەولێریان، پێك هێنا
بە نووکی ڕم.. بە گورزو شیر
هەڵیان چنی، لێژنە، لێژنە
قەلاَ.. قەلاَ
تا نزیك بوو لە ئاسمان
بەندو کوێلەو، سەربازو شوان
بوونە نەخشی قەلاکەمان
قەلای «ئار»ی بەرزو زیندوو
یەکەم حەرفی گەشی مێژوو(8)

گرنگ ئەوەیە کە ئەم قەلایە رەمزە، وێرای جۆرەها کارەساتی گەورە گەورەی خوێناوی‌و هەوڵ‌و تەقەلای زۆر بۆ گۆڕینی ڕووە راستەقینەکەی، هەروەك خۆی مایەوەو لەوەتی هەیەو تا ئێستا رەسەنیی خۆی وون نەکردووەو جەوهەرو شەقلی نەتەوەیی لە دەس نەداوە.

ئەگەر خەون رەنگدانەی باری رۆژانەو سایکولۆژی بێ‌و، هەندێ خەونی ناخۆش لە ئەنجامی خواردنێکی قورسەوە هاتبێ، ئەوە خەوەکەی شاعیر رەنگدانەوەی کارەبا کوژاندنەوەیە، واتە خەویش رەنگدانەوەی واقیعەو هیچ شتێ نیەو خەیاڵی بێ، هەروەك ووتراوە «خەیاڵ هەر چەندە دوور بکەوێتەوە لە چوارچێوەی واقیع دەرناچێ». راستە خەوبینین، بەتایبەتی خەوی خۆش شتێکی رەوایەو هەموو کاتێ راکردن نیە لەبەر تەوژم‌و تینی ژیان، بەلاَم ئەو پەیوەندی‌یەی.کە شاعیر دروستی‌کردووە لە نێوان بوونی بەمووساو مەسیح‌و رابەری چەوساوەکان‌و ئازار چەشتنی لەم رێگەیەدا. کوژانەوەی کارەباو وەستانی پانکەو سووربوونەوەی لەناو گەرمایی بێ پانکە، پەیوەندی‌یەکی جەدەلی‌یەو کارێکی بەجێ‌و ماقوولە. بەم پێ‌یە دەبێ مرۆڤ کە خەوتوو بوو جێگاکەی نەرم‌و نیان‌و خۆش نەبوو ئەوە دەبێ خەوی ناخۆش ببینێ، واتە دەبێ

خەویش ، یاخەیاڵیش پەیوەندی بەواقیعەوە هەبێو زەمینەیەکی لەباری هەبێ ، تەنیابە قسەو لافو گەزاف خەو نایەتە دی ، دەبێ خەو واقیعی تایبەتی خۆی هەبێ ، تاکو بگاتە ئەنجام :

کاتێ کە خەبەر بوومەوە
بەهۆشی خۆم دا چوومەوە
گەرمای ژووری کپو تاریك
بە جۆگەلەی باریك ، باریك
وەکو گەرماو
خۆمو نوینی کردبوو بەئاو
تومەز کارەبا نەماوە
پانکە وزەی لێ براوە(۹) .

«نەورۆزی عیشق»ی پێنجوینی ، نەورۆزێکی تایبەتی یە ، گیانی حەللاج پەریوەتە گیانی شاعیر :

چونکە نوێژی عەشق کردن ،
دروست نابێ !
«ئەگەر بەخوێن ، دەست نوێژ نەشۆی» !
نەورۆزو ئازادی گەردن
جەژن نابێ
هەتا کو دڵ
بەکەژاوەی لوتکەی چیا
پاك ، پاك نەشۆی !

شاعیرێکی عەرەب دەڵێ :

صیاما الی ان یفطر السیف بالدم
وصمتا الی ان یصدح الحق یافمي

واتە :

بەرۆژوو بە تاکو شمشێر بەخوێن رووژوەکە دەشکێنێ ئەی دەمەکەم تڕش بێ دەنگ بە هەتا وەکو هەق دەخوێنێ .

لێرەدا دوو مەبەسیان هەیە ، مەبەسی لێکدانەوەی فیکرەکەو مەسەلەی شێوازی دەربڕینەکە . رۆژوو شکاندن بۆ مرۆڤە نەك شمشێر . خوێندنو چرین بۆ باڵندەیە نەك هەق (ماف) . ئەم جۆرە شێوازە لە رووی رەوانبیژیەوە «مەجاز»ی پێ دەووترێ ، جۆرەکەی خواستنەوەی شاردراوەیە ، لای حەللاجیش دەبێ دەس نوێژ بەخوێن بشوورێ نەك بەئاو ، ئەم جۆرە دەربڕینەش هەمیسان مەجازەو پێنجوێنی سوودی لەم بۆچوونە بینیوە :

نوێژی عیشق دەبێ دەست نوێژی بەخوێن بێ ،
بەڵام کام عەشق ؟ نوێژی :
ئەی ئەوانەی وەکو هەلاج
نەورۆز دەکەن !
بۆ کرێوەو سەختی زستان .

هەرچی پێنجوینی یە بیرەکەی هەلاجی وەکو خۆی نەگوێزاوەتەوە ، بەڵکو سوودی لێ بینیوەو خستوویەتی یە بەرگێکی دیکەوە کە شەخسیەتی خۆی تیادا بەدی دەکەی ، ئەگەر ئەویش بووە قوچی قوربانی ، پەنا دەباتە بەر شنەی شەماڵ بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا هاتۆتە مەیدانەوە .

ئەی ئەوانەی مەرگتان بۆ گەل
هەراج دەکەن !
کاتێ کوورەی دڵم ئەکوژێتەوە
شنەی شەماڵ
(کەوڵەکەی) کاوە وەکو گڕ بشنێتەوە
وەك پشکۆی ئاڵ

شاعیر دەیەوێ سۆزی عیشق نەورۆز هەر بەردەوام بێو شنەی شەماڵ گڕەکەی خۆش کاتو پشکۆیەکان گەش کاتەوەو کەوڵەکەی کاوەش هەر بشەکێتەوە . واتە نەورۆزێکی وەختی نەبێ . وەك هەر بۆنەیەك بێتو بڕوات . بەڵکو نەورۆزی جاویدانیو هەمیشەیی بێ .

ئەو بەراوردەی نێوان مرۆڤو گیانلەبەر شتێکی رەوایە . هەرچەند ، کە مرۆڤ خۆی سەرداری بوونەوەرە ، بەڵام لە ئاستی زۆر شتدا دەستەپاچەو بێکارەیە . ئەو وێنانەی کە شاعیر لە هۆنراوەی «پێنجوینی تەخت»دا کێشاویی وێنەی جوانو پڕ

له بەڵگەی سرووش بەخشن . هەر گیاندارێك دەستی زۆرداری بۆ درێژ بکرێ بەرگری لە خۆی دەکات ئەگەر لەم بەرگری‌یەشدا گیانی خۆی ببەخشێ :

هەنگیش :

کە هەنگوینەکەی (ئەبری)
پێتەوە ئەداو
کسپەو جزەت لێوە دێنێ
(کە ئەزانێ ئیتر ئەمرێ !) [11]

تۆڵەسەندن ئاوا دەبێ کە وەکو هەنگ بەرگری لە موڵكو ماڵو بەرهەمو رەنجی خۆت بکەیو ببیە شەهیدی عەشقی تۆڵە سەندن .

ئێمە ئەو کێشەو مەسەلانەی کە شاعیر بەنموونە بۆمان دەهێنێتەوەو دەیانخاتە ناو چوارچێوەی هۆنراوە ، بەدەیان جار دیمەنی ئاوامان بەچاوی خۆمان دیوەو بەسەریانا تێپەریوین ، بەڵام وەك ئەو بۆ مەسەلە جەوهەری‌یەکە چووە ئێمە وای بۆ نەچووینو نەمانتوانیوە بەشیعر دەریان برین . بەستنەوەی وێنەکان بەمەسەلە جەوهەری‌یەکەی شاعیر لە شوێنی خۆی دایەو کارێکی زیرەکانەیە .

هۆنراوەی «پێنج وێنەکەم» درێژبوونەوەی هەمان کەفو کوڵو سۆزی سەرکردووی شاعیرەو گیانێکی رۆمانسیانەیە لە ئاستی ئەو واقیعە تفتو تاڵەی کە شارەکەی تێی کەوتووە ، وەك بڵێی چامەیەکی‌تر لە چامەکانی نالیو سالمو کەمالیو ناطیق بەبەرگێکی دیکە خۆی دەنوێنێو جۆرە سۆزو جۆشێکی تر بەدڵو دەروون دەبەخشێ . واقیعی ئەمڕۆمان بۆ دەکێشێ ، وەك بڵێی ئەمرۆ دوێنێیەو «مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە» بەڵام شێوە تراژیدی‌یەکەی بەسوێترە .

بەفر ئەگری
بەفر مەگری . ! !
پۆلە ئەسرین بەس برژێنە
پۆرەی دڵم مەورو ژێنە

گریان بۆ مرۆڤە نەك بۆ بەفر . لێرەدا شاعیر وەك چۆن لەگەڵ مرۆڤ دەدوێ ئاواش روو دەکاتە بەفر . ئەم جۆرە شێوازە . جۆرە داهێنانێكو جوانی ناسی‌یەکی تیایە . نوێ کردنەوەی شاعیر لەو جۆرە دەربڕینانە خۆی دەنوێنێ . . . ئەو هەستە نوێیەو وێنە داهێنراوەو رەسەنەی شاعیر نیشانەی ئەوەیە کە شاعیر هەندێ هۆنراوەی لەوانی‌تر جیا دەکاتەوەو خاسیەتی تایبەتیان پێ دەبەخشێو دەبێ رەخنەگر لەم رووەدا بایەخێکی‌تر بەو جۆرە وێنانە بدا کە دەبنە مایەو بنەمای جوانکاریی هۆنراوەو بە پێز بوونی ، ئەمە لە لایەکی ترەوە قووڵی هەستی شاعیر دەردەخات کە گیانێکی ئادەمی بە بەفر دەبەخشێو بەجۆرێکی تایبەتی مامەڵەی لە گەڵا دەکات .

هۆنراوەی «من عاشقم» ڕوویێکی‌تری واقیعی ژیانی کۆمەڵەکەمانە . دڵداریش ماقێکی رەوایە . بەڵام کام دڵداری ؟ ئەمجارەیان دڵدارێکی تایبەتی‌یەو لقو پۆپێکی زۆری لێ دەبێتەوە . رووناکی خستنە سەر چەند دیمەنێکی جەرگ بری پڕ ئەندێشەی بەسوێیە . وەکو پێشووش ووتم ، زۆر دیمەن هەیە کە دەبێ شاعیر وەستایانە بیانخاتە ناو هەڵبەستەکەی . بەڵام شاعیری وا هەیە بەسەریاندا تێدەپەرێو لە ئاستیاندا ناوەستێ . ئایا کام دیمەن لەم دیمەنە بەسوێ ترەو کار تێکەرترە ؟ !

لە پەنجەرەی ماشێنەوە
بۆ درهەمێ
کە بیدەمێ
دەستی درێژ – ملی خوارە
زۆر بەکزی ، لەژێر لێوەوە
من هەتیوم بەشەرمەوە
من باب نیە ، باب نەماوە [13]

ئەم دیمەنەی کە شاعیر بۆی کێشاوین . واقیعێکی جەرگ برە . کە رۆژێ چەند جارێك بە چاوی خۆمان دەیانبینین ، بەڵام نەك شاعیر بەرەو نامۆییو پەستی‌یەکی تەواو دەبات ،

بەڵکو شاعیر وا لە خوێنەر دەکات کە ئەزووو موچرکی بەلەش دابێ‌و وەك مرۆڤێکی خاوەن هەست بیربکاتەوە :

خۆیشم لەلا وەك «قەقنەسە»و
هەموو کەون‌و کائینات‌و سیستەمیکم
لا گلاوە . . لاگلاوە

لەو دیمەنەدا کە نموونەی بۆ هێناوەتەوە واقیعەکەی وا بەرجەستە کردووە کە جوانکاری‌یەکی تەواوی داوەتێ‌و ، جوانیی هونەرکاری بەجوانی فەلسەفی وەك دوو جەمسەر بەیەکی بەستوونەتەوە کە واقیعەکە بەرەو فەلسەفەیەکی تایبەتی راپێچی دەکات تا رادەی نەفرەت کردن کە بەچاوی خۆی ئەو ناکۆکی‌یەو بارە ناهەموارەی مرۆڤی کورد دەبینێ . نێوانی دوو ژیانی دژ بەیەك وەك نێوانی ئاسمان‌و رێسمان وایە . دەست پانکردنەوە بۆ پەنجا فلس‌و ژیانی خاوەن کۆشك‌و تەلارو ماشێنە . ئەم دوو جۆرە ژیانە نموونەیەکی زەقە لەو واقیعەی کە شاعیر خستۆیەتی‌یە بەر رووناکی .

لە راستیدا دەبوایە چەند هۆنراوەیەکی ترم هەڵسەنگاندبایە ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی‌و لە ترسی درێژە دادرین هەر ئەوەندەم لەدەس هات وەك حاجی قادری کۆیی ناڵێم «لێرەدا نووکی خامەم شکا» . دەبێ ئەوەش بڵێم کە پێنجوێنی وێنەی جوان جوانی بۆکێشاوین کە لە واقیعدا هەڵیهێنجاون‌و ئەوپەڕی هەڵچوون‌و رووژانیان پێوە دیارەو رەنگدانەوەی ژیان‌و هۆش‌و بیری شاعیرن‌و بەپێ‌ی پێوەرو تەرازووی ئەدەبی حیسابی تایبەتی خۆیان بۆ دەکرێ .

بەگشتی شاعیر سەرکەوتنی بەدیهیناوە . بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی جێگەی رەزامەندی خوێنەرو مژدەی بەرەو پێشەوە چوونی شاعیرمان پێ دەبەخشن . بەڵام نابێ ئەوەش پشت‌گوێ بخەین کە هەر چەندە کۆمەڵە شیعرەکە زۆر هەڵەی چاپی تێکەوتووە ، بەڵام لەکەم‌و کووڕی خاڵی نیە چ لە رووی ووشە سازی‌یەوە چ لە رووی دارشتن‌و توکمەیی ناوەرۆکەوە . بەتایبەتی ووشەکە کەرەستەی شاعیرەو هۆی دەربڕینەو پردی پەڕینەوەی شاعیرە بەرەو کەناری خوێنەر . وەك هەست دەکەین جارو بار جلەوی قەڵەمەکەی بەرەڵلا کردووە بۆ هەندێ هەڵەی زمانەوانی ، کاکە حەمەی مەلا کەریم سێ چوارێکی دەستنیشان کردوون . وا بزانم ئەم جۆرە هەڵانەش لە ئەنجامی خۆ بەستنەوە بەسەرواوە هاتوون ، چونکە خۆبەستنەوە بەقافیە لەسەر حیسابی توکمەیی‌و پتەوی شیعرەکە لەبەرژەوەندی شاعیردا نیە . جاروباریش هەست بە جۆرە لەنگی‌یەك دەکەین لە هەندێ کۆپلەدا .

تەنیا چەند نموونەیەك دیاری دەکەین .

هۆنراوەی «ئەستێرە خان» ئیقاعەکەی تەواو نیەو ووشەی پەری‌و مەلائیکە . دەبوایە لە جیاتی مەلائیکە فریشتە بوایە . بەلام بۆ کێشی شیعرەکە (مەلائیکە)ی بەکارهێناوە خۆ بەستنەوەی سەروا «هەستیاریم خامۆش !»و ئەلقە لەگۆش» کورد دەڵێ ئەڵقە لە گوێ نەك لە گۆش .

لە هۆنراوەی «قەڵاتی هەولێر» دەڵێ :

چوار خواوەندی بتیان هێنا
لە چوار دەرگا هەڵواسرا
ناوی «ئەربائیلۆ» یان نا

دەبوایە بڵێ : هەڵواسران . ناوی ئەربائیلۆیان نان چونکە چوار کۆیە نەك تاك . (ل ٣٨)

هۆنراوەی (لە خەوما)

کاتێ خەبەربوومەوە     خەبەرم بۆوە راستترە

ل ٤١

هۆنراوەی (چاوەکانی ئەمیرە)

بەهیچ کلۆجێ دەرنایە . دەرنایەن راستترە

ل ٤٤

هۆنراوەی (بێشکەی دڵ) ئیقاعەکەی تەواو نیە . خۆی لەسەر برگەی چوار چوارە . دەبێتە چوارو پێنج برگەیی . هەر چەندە کە شیعرەکە لە رووی هونەریدا گوێ خۆی بردۆتەوەو جۆرە جوانی لێکدانەوەی تێدایە :

وەکو «دانیٚ» هەڵی ئەکەنی
جێگەکەی پڕ ئێش‌و زامارە
ئەگەر بیێتە :
وەك (دانیٚ) هەڵی ئەکەنی
جێگەی پڕ ئێش‌و ئازارە ل ٧٥
ئەوحەلە کێشەکەی راست دەبۆوە .

هەروەها لە کۆتایی هۆنراوەی پرسیارێکی بیٚ وەڵام کە چوارو هەشت برگەیی‌یە کەچی لەنگی‌تێکەوە :
بنچینەی سەرمایەو گەنج
وزانست‌و ئابوورم ل ٩٢

ئەگەر بیٚ بە : وزانست‌و هونەر ، ئابوورم لەنگی‌یەکەی نامێنیٚ . هەروەها :

(کوا گەواڵەو پێناست) بۆتە ٧ برگە ئەگەر بیێتە : کوانیٚ : گەواڵەو پێناست . لەنگی‌یەکەی نامێنیٚ .

ئیتر ئەم نووسینەم· وەك چەند سرنجێك لە روانگەی هەڵسەنگاندنی خۆم‌و باری تێگەیشتنم‌و بۆ چوونەوە دەخەمە بەرچاوو دەبیٚ لە هەمان کاتیشدا ئەوە بڵێم کە هەموو شتێك نیە کە دەمویست بیڵێم . شیعرەکان لەو نووسینە زیاتر هەڵدەگرن ، بەڵام باجاریٚ ئەوەندە بەس‌بیٚ .

**پەراوێزەکان :**

(١) – دووەم بەرهەمی عەمەد ئەمین پێنجوێنی‌یە . بریتی‌یە لە (١٠١) لاپەرە . دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی چاپی کردووە .
(٢) – التحليل النقدي والجمالي للادب : د . عناد غزوان ل ١٤–١٥
(٣) – رازونیاز ل ١٩
(٤) – رازونیاز ل ٢٠
(٥) – رازونیاز ل ٢١–٢٣
(٦) – رازونیاز ل ٣٠
(٧) – رازو نیاز ل ٣٤
(٨) – رازو نیاز ل ٣٨–٣٩
(٩) – رازو نیاز ل ٤٦
(١٠) – رازو نیاز ل ٥٣–٥٤
(١١) – رازو نیاز ل ٥٥
(١٢) – رازو نیاز ل ٨٦
(١٣) – رازو نیار ل ٩٨

# وێنەی شیعریی چی یە؟

**کاکەی فەللاح**

پێم وایە گومان لەوەدا نەماوە کە شیعر زمانی هەست‌و سۆزو ئەندێشە و بیرەو لە پێش لقەکانی تری ئەدەبەوە سەری هەڵداوەو شان بە شانی جووڵەو پێشکەوتن‌و گۆڕینی ڕەوتی ژیان‌و کاروانی مرۆڤایەتی ، لە هەموو قۆناخەکاندا ، هاتووەو بە پیٚ‌ی بارو دۆخ‌و هەل‌و مەرجی ژیان‌و ئەرك‌و پێویستی‌یەکانی سەردەم هەمیشە هەر لە گەشە کردن‌و پێشکەوتن‌و چەسپاندندا بووە ، زۆرو کەم ، خزمەتی مرۆڤا یەتی کردووەو ، ڕۆژ بە ڕۆژ ،